
# وتووێژی تایبەتی ڕۆژنامەی "شەرق" دەگەڵ شارام نازری

## قسەی خۆ دەکەین و کۆڵ نادەین

ئامادەکردن و وەرگێڕانی بۆ کوردی: ڕێناس جاف
renascaf@yahoo.com



گفت و گوی اختصاصی شرق با شهرام ناظری
**حرف می زنیم و می جنگیم**
در صفحه آخر

**شارام نازری گەنج و لێو بە بزە و دەم بە خەندە بە لا دەس "ئەحمەد عیبادی" یەوە،شارام نازری بە قژی درێژ لە تەنیشت "جەلیل شەهناز" ەوەلە نێو قاپی وێنەدا. شارام نازری خودان ئەزموون و نێوان ساڵی ئەمڕۆ بەڵام تەنیا کەچی هیوادار بە کۆنسێرت کردن لە دەرەوەی وڵات و بێ مەیل بۆ بەڕێوەبردنی کۆنسێرت لێرە. سترانبێژ جانتای سەفەرەکەی دەپێچێتەوە . بە شەوێکی بەهاری کە پێ بناران فێنکایی پایزانت بە ناخدا دەپڕژێنێ و شنە بایەک بە نێو مۆبیلی کۆن،وێنە و ئامێری کۆن و ڕەسەندا دادەگەڕێ. لە نێو دەفر و دۆڵەی زیوین و گوڵدانێ پڕ پڕی گوڵە نێرگز کە بێ بەرامە دەنوێنێ. لە نێو ماڵێکدا زایەڵەی مۆسیقای تێدا بەرزە و گۆرانی سەر زاری خاوەن ماڵ لەم سووچەوە بەرەو ئەو سووچ ئەچێ. ئەو گۆرانییەی بە خۆ دەڵێ بریا لە لادێدا ژیابام بەڵام ئەیهوو ئەمڕۆ ئیدی بۆ ئەم قسە درەنگە و زۆر درەنگە و چەندەش لێک دوور و نامۆن:"بەداخەوە ئێمەی هونەرمەندانی مۆسیقای ڕەسەن چەندە پێکەوە ناتەبا و لێک دوورین و کەسمان ئەوی دی پێ باش نییە. ناتوانم ئەم چەشنە قسانەیان پێ بڵێم. هەمووان کاس و وڕ و سەرشێتانە نیگام تێدەبڕن کاتێ دەڵێم گۆرانی لە ڕەسەنایێتی خۆ بەم ساڵانە کەوتووە و شۆق و خرۆش و گوڕ و تینەکەی جارانی تیا نابینرێ. مێلۆدی و هەوای عەڕەبی هاتۆتە نێو گۆرانی هونەرمەندانەوە و فێرکردنی لە چوارچێوە بەرتەسکەکەی مامۆستا سالاری بەو لاوە ناچێتە پێش ."**

**بێ ئاگا لە "محەممەد ڕەزا لوتفی"،"کامکاران"،"پەروێز مووشکاتیان"،"جەلیل عەندەلیبی"، "گرووپی شەمس"، "گرووپی دەستان"،"جەلال زوولفنوون" و هەموو ئەوانەی سەردەمانێک کۆڕی یارانیان پێک دێنا کەچی ئێستێ و هەر یەکە و بە ڕێگای خۆدا چووە ،جیا لە ڕێگاکەی دی. ئەمڕۆ گەر کۆڕەکەی ئەوان بەردەوام بووایە،ڕەنگبووایە گوڵستانەیەکی دی خۆی لە نێو تۆمارگەکاندا نوواندبایە،ئاوری نێو قامیشەڵانێکی تر،گوڵی هەزار چڵێکیتر و شارام نازری دیسانەوە ئەو بەزمەی خوێندبایەوە کە سۆزی دەنگەکەی گوڕ و تینێکی بە دڵان دەبەخشی.**

***** شارام نازری زێتر بناسە*****

**لە لایەن ئامادەکەر و وەرگێڕی ئەم بابەتەوە**



هونەرمەند و سترانبێژی ناسراوی کورد شارام نازری ساڵی 1328 ی هەتاوی(50-1949 ی زایینی) لە کرماشان لە نێو بنەماڵەیەکی هونەرپەروەردا چاوی لە ڕووی ژیان هەڵێنا. ئەو هەر لە سەردەمی منداڵییەوە وەک زۆربەی گۆرانیبێژان کە دەنگە زوڵاڵەکەیان میراتێکی بنەماڵەییە، ئەو دەنگە خۆش و لەبەردڵانە لە باوک و دایکی بە میرات پێ دەگات. وەکی دەڵێن باوکی دەنگێکی خۆشی پێوە بووە و بە دوای شێوازی گۆرانی چڕینی بەرینانی خۆدا خاسما نەمر "شێخ داوودی" دا چووە. هەر بۆیە کوڕەکەی هەر لە مناڵییەوە بار دێنێ. هەڵبەت پێشەنگی بنەماڵەکەیان لە بواری هونەریی دا نەمر ماموٚستا" حاجی خانی نازری" بووە کە زۆربەی هونەرمەندانی کرماشانی فێری نۆتە و مۆسیقای ڕەسەنی ئێرانی کردووە.

باوکی شارام نازری سەرباری ئاشنایێتی دەگەڵ هەوا و دەزگاکانی مۆسیقایی ئێران، سێتاریشی ژەنیوە، دایکیشی دەنگێکی خۆشی پێوە بووە. شارام لە نێو وا ماڵباتێکدا پەروەردە بووە. هەر ئەو خاڵە لەسەر شارام نازری شوێندانەر دەبێ و ئەو لە تەمەنی 9 ساڵاندا یەکەم بەرنامەی هونەری خۆ لە ڕادیۆ کرماشان بە ئامێری تاری نەمر "دەروێشی" لە ژەنیارانی بەناوبانگی دەڤەری کرماشان پێشکەش دەکات.

شارام نازری پاشان لە تەمەنی 11 ساڵاندا لە ڕادیۆ تەلەڤزیۆنی ئێران چەن بەرنامەیەکی هونەری بەڕێوە دەبات. بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانیاری و ناسیاری خۆ دەگەڵ مۆسیقا ئەچێتە لای کوڕەمامی خۆ "عەلی نازری" و "دەروێش نەعمەت عەلی خانی خەراباتی" و پتر دەگەڵ دونیای گۆرانی و ئاوازی کوردی ئاشنا دەبێت. پاشان بۆ بەرفرەکردنی زانستی هونەری خۆ دەچێتە لای گەلێ ماموٚستای پایەبەرز. ساڵی 1345 ی هەتاوی بە لای ماموٚستایانی وەک نەمر "عەبدوڵڵا خانی دەوامی"، "نوورعەلی خانی بروومەند"، "عەبدولعەلی وەزیری"، مەحموود کەریمی و ...درێژە بە خوێندنی هونەری خۆ دەدا. هەر لەو دەمەوە نیشتەجێی تاران دەبێت و بە لای ماموٚستایانی دی وەک "ئەحمەد عیبادی"، "مەحموود تاج بەخش"، " جەلال زوولفنوون" و " مەحموود هاشمی" یەوە زانیاری هونەری خۆ بەرز دەکاتەوە.

شارام نازری نێزیکەی ساڵێک لە تەورێز لەگەڵ ژەنیار و مۆزیکژەنانی ئەو دەڤەرە وەک " بیجگە خانی"و "مەحموود فەرنام ڤیتانچیان" کە لە قوتابییانی "ئیقباڵ ئازەر" بوون لەسەر مۆسیقایی ئێرانی چالاکی دەبێت.

ساڵی 1354 ی هەتاوی لەسەر پێشنیازی نوورعەلی بروومەند لە دەزگەی ڕادیۆ تەلەڤزیۆن دادەمەزرێ و یەکەم بەرنامەی هونەری لەگەڵ تیپی شەیدا بە سەرپەرشتی "محەممەد ڕەزا لوتفی" بە شێعرێکی نێو مەسنەوی مەولەوی و گۆرانییەکی "شێخ بەهایی" بەڕێوە دەبات. پاشان دەگەڵ تیپی مۆسیقای "عارف "بە سەرپەرشتی "حوسێن عەلیزادە" و "پەروێز مووشکاتیان" درێژە بە هاریکای خۆ دەدا. ساڵی 1355 ی هەتاوی لە یەکەمین تاقیکاری مۆسیقای ڕەسەنی ئێرانی دا(باربوود) پلەی یەکەم وەدەس دێنێ. ساڵی 1356 ی هەتاوی هاوڕێی تیپی هونەری "سەماعی" بە سەرپەرشتی "ئەسغەر بەهاری" و "حوسێن ناهید" بۆ کۆنسێرتکردن بەشداری فێستیڤاڵی "تووس" دەبێت. ساڵی 1358 ی هەتاوی دەگەڵ گرووپی "چاووش" کە بۆ خۆشی ئەندامێکی ئەو تیپە دەبێت لە بارودۆخێکی زۆر دژواردا دەنگی ئاواز و گۆرانی ڕەسەن بە گوێی جەماوەری هونەردۆس دەگەیینێ. شارام نازری لە ساڵی 1357 هەتا 1360 ی هەتاوی چالاکانە ئەلبۆمەکانی 2، 3، 4، 7 و 8 بە هاوکاری تیپی چاووش، شەیدا و عارف بە سەرپەرشتی محەممەد ڕەزا لوتفی، حوسێن عەلیزادە و پەروێز مووشکاتیان، ئەلبۆمی مەسنەوی مووسا و شوان بە هاریکاری ژەنیارانی دەزگەی پاراستن و بڵاوکردنەوەی مۆسیقای ڕەسەنی ئێرانی و تیپی مەولانا بە سەرپەرشتی جەلیل عەندەلیبی، ئەلبۆمی "پەیڤی عەشق "بە هاوکاری گرووپی "تەموورەی شەمس" و "عاشقەکەی وەک من" و بە هاریکاری تیپی هونەری عارف بە سەرۆکایەتی پەروێز مووشکاتیان ئامادە دەکات. شارام نازری لە ساڵانی

1360 تا 1364 ی هەتاوی، ڕادەی چالاکی هونەری و مۆسیقایی خۆ کەم دەکاتەوە و زێتر ڕوو لە وانە وتنەوەی مۆسیقا و فێرکردنی دەزگاکانی مۆسیقایی بە هۆگرانی دونیای مۆسیقا دەکات.

لە ساڵی 1364 ی هەتاوی بەم لاوە دەگەڵ چەندین تیپی مۆسیقای ئێرانی گەلێ بەرهەمی بەپێز پێشکەش دەکات کە ئەو بەرهەمانە زێتر ڕوویان لە خانەی مۆسیقای عیرفانی و ڕەسەنی ئێرانییە. لە بەرهەمە شازەکانی ئەو سەردەمە دەکرێ ئاماژە بکەینە: "گوڵی سەت چڵ" بە هاوکاری مامۆستا جەلال زوولفنوون، "ئاوری نێو قامیشەڵان" بە هاریکاری دیسان مامۆستا جەلال زوولفنوون، کۆنسێرتی "مامۆستایان" بە هاوکاری مامۆستا فەرامەرز پایوەر و "بێ قەرار" بە هاوکاری جەلیل عەندەلیبی.

شارام نازری بەدرێژایی ساڵانی چالاکی خۆ، گەلێ کۆنسێرتی بۆ مۆسیقای ڕەسەنی ئێرانی پێشکەش کردووە و لە سەردانی خۆ بۆ وڵاتانی ئاسیایی و ئەورووپی و ئەمریکا، بەرنامەی هونەری بەڕێوە بردووە و بەشداری گەلێ فێستیڤاڵی جیهانیش بووە. بەم ساڵانەش لەبەر پێشوازی بەرفرەی جەماوەر، سەرباری نەبوونی کەرەستە و ئامێری پێویست و کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێی دونیای هونەر بە تایبەت پاش سەرکەوتنی شۆڕش ، دەنگی زوڵاڵی خۆی بە گوێی جەماوەر گەیاندووە. بەشداری خۆی و کوڕەکەی بە ساڵی 1380 ی هەتاوی لە کۆڕەجێژنی مۆسیقای فەجەر، یەک لە گرینگترین ڕووداوەکانی دەورانی ئەو فێستیڤاڵە دێتە ئەژمار کە خەڵاتی یەکەمی ئەو کۆڕەجێژنەش بۆ باشترین سترانبێژی مۆسیقای ڕەسەنی ئێرانی بە شارام نازری بەخشرا. ئەو هەروەها خەڵاتی تایبەتی دەستەی داوەرانیشی لە فێستیڤاڵی "مێهر" بەرکەوت بەڵام دیارە هیچ کامە لەو خەڵاتانە شایانی هونەرمەندێکی پایەبەرزی وەک شارام نازری نەبوونە. لە گرینگترین ئەلبۆم و بەرهەمە هونەرییەکانی شارام نازری دەکرێ ئەمانە نێو بەرین : مەسنەوی مووسا و شوان، پەیڤی عەشق، بەهارانی ئاویەر، شنەی بای بەهار، شێعر و عیرفان(ڕوخسارت وەدەر خە)،یادگاری دۆس، ساقی نامە و سۆفی نامە(سووتەدڵان)،چرپە، هاواری قامیش، پەیڤی نوێ، دیوانی شەمس، گوڵاڵەی بەهار، شۆقی دڵ و گەلێ بەرهەمی دی.

**********************************************

ئەوەی ژێرەوە دەقی وتووێژە تایبەتەکەی ڕۆژنامەی "شەرق" دەگەڵ بەڕێز شارام نازری یە کە دەخرێتە بەر دیدەی خوێنەر و هونەردۆستانی کورد.

شەرق : بەڕێز نازری چ باس لە دونیای مۆسیقا؟

نازری: ئێمە لە نێو مۆسیقادا گەنج بووین کەچی ئێستا وا ڕوومان لە پیرییە بەڵام هێشتا چارەنووسمان نادیار. هەوڵەکانمان بە هیچ کوێ نەگەیشتووە چوونکە ڕێباز و ڕێچکەیەکی شیاو و ڕاستی هونەرییمان نەگرتۆتە پێش و لە ئەنجامدا هەر بەینەو دەگەڕێینەوە سەر خاڵەکەی سەرەتامان. بۆیە دەبێ هەموو شتێ سەرلە نوێ دەس پێ بکرێتەوە،قسەی خۆ بکەی و کۆڵ نەدەی.هونەریش ئیدی لە شوێنێکدا تاقەتی بەسەر دەچێ. هونەرمەند پێویستی بەوە هەیە لەو کەش و هەوا دابڕێ و خۆ دوور بخاتەوە هەتا گوڕێکی تێ کەوێ و دیسانەوە ورەکەی جارانی دەس بکەوێتەوە،لە شوێنێ ناچار نەبێ بجەنگێ و هونەرەکەی بە زۆران بدات.

شەرق : وادیارە بۆ کۆنسێرت کردنیش هەمان گیر و گرفت و کەند و کۆسپان لەسەر ڕێن.

نازری: پرسەکە هەر بە تەنیا کۆنسێرت کردن نییە. ئەو ئامانجەی ئێمە پێش شۆڕش دووی کەوتین، لە مێژە بزر بووە. ئەو

ئامانجەش بوونی شوێنێ لەبار و شیاو بۆ کار و چالاکی هونەری و فێرکردنی مۆسیقا بوو. شوێنێ بتوانی مۆسیقا و هونەری ڕەسەن لە نێو جەماوەردا برەو پێ بدات،سەرباری ئەوەش هونەرمەند لە دەستکەوتەکەی بخواتەوە و هونەرمەندانی بەرەی نوێ بە شێوەیەکی بنەمایی و شیاو فێری مۆسیقا بن کە ئەوە سەری نەگرت.

شەرق : بەڕێز نازری خۆ هەل و مەرجی سەردەمی سەرەتای شۆڕش زۆر جیاوازتر لە ئێستا بوو بەڵام ئێوەی هونەرمەند بۆ خۆ دووی کار و باران دەکەوتن و هەر چەند مانگەو بەرهەمێکی  نوێی هونەریتان دەردەکرد.

نازری: ئەتۆ ناتوانێ سەردەمی شۆڕش  لە گەڵ ئێستادا هەڵسەنگێنی. ئەمڕۆکە ئیدی زۆرێ لەو بیر و هزرانە لەکیس چوونە و  گوڕ و تین و شۆقەکەی جارانت لا نەماوە.ئەو یەکدەنگی و خۆشەویستییەی لە نێوان هونەرمەندان و جەماوەردا هەبوو ئێستا سۆراخی نییە. ئەو یەکدەنگی و هاودڵییەی بەو ڕۆژانە لە نێوانماندا هەبوو ئێستا نابینرێ. ئەوە بۆ خۆ سەربردەیەکی هەیە  دوور و درێژ و بۆ باسکردن ناشێ . هونەرمەندان ئیدی ماندوو بوونە . هونەر زادەی عەشقە، کاتێ ئەو عەشق و خۆشەویستییە نەبێ هونەر زوو دەمرێ. سەردەمی سەرەتای شۆڕش من و ئەو هونەرمەندانەی ئێستا بەناوبانگن،هەموو ڕۆژێک کە لە خەو ڕا دەبووین خۆمان بۆ بەزمێکی نوێ و ئاوازێکی تازە تەیار و ئامادە دەکرد. بەڵام هەمان کەسان ڕەنگە ئێستا پێیان نەکرێ پێنج ساڵ جارێ  گۆرانی و ئاوازێکی نوێ دانێن.

شەرق : باشە هۆی ئەو بەرەو دوا گەڕانەوە و نەمانی   ئەو چەشنە ورە و باوڕە بەرزانە بۆچی دەگەڕێنییەوە؟

نازری: کاتێ کەسێ بەردەوام دووی ئامانجێ دەکەوێ و پێی ناگات، ئیدی ماندوو و شەکەت دەبێ ، ئەوەشمان لە بیر بێت چوونەسەر و بەرزبوونەوەی تەمەنی مرۆ ئەو گوڕ و تینەی  جارانت لێ دەستێنێ و پتر شەکەت و هیلاکت دەکات.  بۆیە لە ئەنجامدا زرۆێ لە هونەرەکەیان دادەبڕێن.سەردەمی سەرەتای شۆڕش هەمووان گوڕ و تینێکی ئاوێتە بە نوێگەری و داهێنانیان لا  دروس ببوو کەچی ئێستا ئەو هەست و نەست و گوڕ و تینەت لا شک نایە. نموونەکەیان منم،ڕادە و ژمارەی کارە هونەرییەکانم کەم بۆتەوە. لەبەر ئەوەی گوڕ و تین و عەشقەکەی جارانم تیا نەماوە.ئەو ڕووداوانە گەلێ هۆ و هەگەریان هەیە کە دەبێ لە لایەن کۆمەڵناس و دەروونناسانەوە وەبەر لێکدانەوە بخرێن تا دەرکەوێ لەبەرچی فڵانە هونەرمەند سەردەمانێک ئەوندە چالاک بووە کەچی ئەمڕۆ دانانی ئاوازێکیشی پێ ناکرێ یانژی گەر ئەوەی بۆ بچێتە سەر، تام و چێژ و جوانییەکەی جاران و کاریگەرێتی ئەو دەمانی  پێوە دیار نابێت.

شەرق : ژمارەیەک لە بەرهەمەهونەرییەکانی بەڕێزت هی سەردەمی شەڕن. زۆر جاران لە کاتی شەڕ و کێشە و ئاژاوەدا ئاستی کار و چالاکی هونەری دادەبەزێ و کەم دەبێتەوە کەچی  زۆر بەرهەمی هەرەباش و ناوازەی بەڕێزت  بەری ئەو ڕۆژانەن.

نازری: ئەو دەمانە بۆ ئێمە سەردەمی کار و چالاکی و خەبەتن  بوو و بەوپەڕی گوڕ و تینی هونەریی و هیوا و هەستێکی پاکەوە هەوڵمان دەدا و بۆ ئامانجێکی بەرز تێدەکۆشاین. بەڵام ئەمڕۆکە تێگەیشتووین  گەیشتن  بە زۆرێ لەو ئاوات و ئامانجانە بۆ کاری هونەری پڕ زەحمەتە. بە ڕاستی زۆر سەخت و دژوارە کاتێ بەوپەڕی هیوا و ئومێدەوە دووی ئامانجێ دەکەوی کەچی دواتر ئەوەت بۆ دەردەکەوێ ناتوانی پێی بگەیت.

شەرق : ئایا بەشێکی ئەو کەمبوونەوەی بەرهەمی هونەرییە لای بەڕێزت لەبەر ئەوە نەبووە ویستووتە بەرهەمی جیاوازتر و

نوێتر بئافرێنی؟

**نازری**: نەخێر،هەڵبەت هونەرمەندێکی داهێنەر پێویستی بە کونجی خەڵوەت و تەنیایی و هەل و مەرجێکی لەبار بۆ خوێندنەوە و موتالاّی زێتر و کار و چالاکی بەدەست و بردتر هەیە بەڵام مرۆی لاسایی کەرەوە مادەی زۆری لەوەردەستدایە و ئەوەی دەستکەوت و بەرهەمی ئەم سەت ساڵە دواییە بێت بە هی خۆی دادەنێ. بەرهەمی ناوازەی ئەوتۆ بێ هیچ چەشنە کۆسپ و لەمپەرێک دووبارەیان بکاتەوە.

**شەرق** : ئایا ئەو دەمانەی تاران بۆردمان دەکرا ئەو خەڵوەت و تەنیاییە دەس دەکەوت بەڵام ئێستا نەماوە؟

**نازری** : ئەو دەمانە خۆشەویستی و شۆق و هەست و نەستی هونەر بەلای ئێمەوە بەسەر لووتکەوە بوو . بە هۆی ئەو عەشقەی بەری ڕۆژانی سەرەتای شۆڕش بوو ئێمە مەستی مەست بووین..
"یادگاری دۆس" بەرهەمی سەردەمی شەڕە. لەبیرمە بەینێ دەچووم بۆ شومال(باکووری ئێران) کە دەگەڕامەوە تاران، یەک و دوو ڕۆژان دەمامەوە و بۆ تۆمارکردنی کارەهونەرییەکەم ڕووم لە ستۆدیۆ دەکرد. لە نێو ڕێدا بەرەو ستۆدیۆ ئەوەم بە زەیندا دەهات ڕەنگە ئیدی نەگەڕێمەوە.

**شەرق** : باشە لەبەر بۆردمان دەچووی بۆ باکوور؟

**نازری** : لەبەر بۆردمان نەبوو. یەک و دوو هەڤاڵێکم لەوێ بوون و ئێمە بەردوام لە هاتوچۆدا بووین. دەچووم بۆ کرماشانیش.

**شەرق** : ئەو دەمانە زۆر جاران کۆنسێرتەکان نیوەچڵ دەمانەوە و لەپڕێک هەموو شتێ تێک دەچوو.

**نازری** : ڕاستە. ئەو دەمانە هەل ومەرجێکی تایبەت زاڵ بوو. دڵ پڕی عەشق و خۆشەویستی بوو و هیچ شتێ دەرەقەتی نەدەهات. کاتێ دەگەڕامەوە تاران و بە شەوان ڕووم لە ستۆدیۆ دەکرد بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە ڕەنگە بۆمبێ داکەوێ و هەموو شتێ بفەوتێنێ بەڵام هەر وا درێژەم بە کارەکەم دەدا.

**شەرق** : باشە ئەو دەمەی مژولی کاری هونەری بوویت، دەنگی بۆمبت لە نێو ستۆدیۆ دا بەرگوێ دەکەوت؟

**نازری** : گەر بۆردمانەکە نێزیک بووایە دەنگەکەی بەو ناوەدا دەهات.

**شەرق** : جا ئیدی ناچار بووی دیسانەوە بەرهەمەکەت تۆمار بکەیتەوە.

**نازری**: هەر وایە. "گوڵستانە" لە هەمان هەل و مەرجدا تۆمار کرا و گەلێ گیر و گرفت چێ بوون کە سەربردەکەی دوور و درێژە. ئێمە ئەو بەرهەمان بە ئۆرکێسترای گەورە لەسەر دوو شریت و کاسێتی 16 باندی لە نێو ستۆدیۆی "بل" تۆمار کرد و لە کاتی میکس کردنیدا تێگەیشتین هەر دووک شریتەکە شۆرانەتەوە. هۆی ئەم کارە بۆ وتن ناشێ.

شەرق : واتە بەرهەمەکەتان سەر لەنوێ تۆمار کردەوە؟

نازری : ڕاستە ،هەر لە سەرەتای سەرەتاوە. هەڵبەت ئەو چەشنە گیر و گرفت و کەند و لەندانە هێشتا هەر دێنە پێشێ. گیر و گرفتی جڤاکی و سیاسی لە لایەک و هەندێ پرسی  دی کە هونەرمەند لە تەکیاندا بەرەو ڕوویە، دەبنە هۆی ئەوەی زۆر شتان لەسەر ڕاستە ڕێی خۆ نەچێتە پێش. دەستە و دەستەڵۆک کاری، ڕژدی و بەخاڵەت و مافیای بازاڕ لەو کۆسپانەی سەر ڕێی هونەرمەندن قەت لە کۆڵی نابنەوە و هونەرمەند هەر دەم لە گەڵیاندا بەرەو ڕوویە.

شەرق : باشە ئەو مافیای بازاڕەش ئەو سەردەمەش هەبوو؟

نازری : دیارە کە  هەبوو.

شەرق : ئەوەی ڕوون بێت ڕوانینی ئەو دەمانە  بۆ هونەر و مۆسیقا تەنیا  ڕوانینێکی ئابوورییانە نەبوو.

نازری : مافیا هەمیشە هەیە. دزانی هەموو دونیا پێکەوە هاودەستن. دیارە تا کاتێ پرسی پێشکەشکردن و داواکاری بۆ بەرهەمێک لە گۆڕێدا بێت مافیاش هەیە و لەو نێوانەدا ئەوە تەنیا ماف و حەقی هونەرمەندە لە کیس دەچێ و دەخورێ.

شەرق : پێت وا نییە دڵساردبوونەوەی ئێوە بۆتە هۆی ئەوەی زانستی ڕابوردوو بۆ بەرەی نوێ نەگوێزرێتەوە و هەر ئەوەش کەلێنی خستۆتە نێوان مۆسیقای سەردەمی سەرەتای شۆڕش و مۆسیقای ئەمڕۆ؟
ئێستا لە نێو بەرەی لاودا هونەرمەندێکی شاز و بەناوبانگت بەرچاو نایە. نە سترانبێژ، نە ژەنیار و نەش ئاوازدانەر کە وەک دیاردەی هونەری خۆیان دەرخستبێت. هەموو شتێ  یان ئەوەند کاریگەر نییە یانژی لاسایی کردنەوەی ڕابوردوویە.

نازری : پرسەکە لێرەدایە  گوێزرانەوەی ئەم زانستە پلانی بۆ نەکراوە، گەر  گەلاڵە و پلانێکی ڕوونی بۆ کرابایە بەم دەردەوە نەدەچوو.

شەرق : لە دوو دەیەی ڕابردوودا(لە بیست ساڵی ڕابردوودا) هونەرمەندان ڕوویان لە کاری تاکی (تاکە کەسی)کردووە. لە سەردەمی سەرەتای شۆڕشدا دەزگە و سەنتەرێکمان بۆ بڵاوکردنەوە و پاراستنی هونەر بوو کە زۆر هومەرمەندی گەورەی تێدا بار هات. بەڵام تا هاتووە هەر یەکەو بە ڕێی خۆدا چووە.

نازری: ئەتۆ گەرەکتە سەنتەری بڵاوکردنەوە و پاراستنی ئەو سەردەمە دەگەڵ ئێستا هەڵسەنگێنی؟

شەرق : نا. بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەو هونەرمەندانەی لەو فێرگە و سەنتەرەدا بار هاتن، درێژەیان بە ڕێچکەی مامۆستایانی خۆ نەدا.

نازری: لەبەر ئەوەیە ئەو سەنتەرە ڕابوونێکی گەورە بوو کە تەواوی مامۆستایانی مەزن، هاتوچۆیان دەکرد.  سەیدایەکی میناک "داریۆش سەفوەت" ئەو دەزگەی دانا کە بۆ خۆ بەڕاستی پسپۆڕ و شارەزا و لێزان بوو. ئەو سەنتەرە زۆربەی مۆسیقارە گەورەکانی وەک "نوور عەلی بروومەند"، "سەعید هورموزی"، "فرووتەن"، "عەبدوڵڵا دەوامی"، "ئەسغەر بەهار" و زۆر کەسی

دی تێدا بوو. ئەو سەنتەرە، سیاسەت و هەڵوێستێکی روونی هەبوو،هەر بۆیە  ئەوەی لەو قوتابخانەدا بار دەهات، دواتر لە مۆسیقادا وەک دیاردەیەک دەرکەوت.

شەرق : ئەی چۆنە ژماری ئەو مۆسیقارە گەورانەی بە بوونی خۆ شۆڕشێکیان بەسەر مۆسیقادا هێنا، هەتا هاتووە کەمتر بوونە؟

نازری: گەلێ پرسی جۆر بەجۆر لە ئارادان. بە لای منەوە سەردەمی ڕچەشکێن و پێشەنگەکان بەسەر چووە. ئەو دەم ئەو جۆرە کەسانە لە تەواوی بواراندا بوونی خۆیان دەسەلماند. وەک لە شێعردا "نیما"، "مەهدی ئەخەوان سالیس"،"فرووغ"،"شاملوو" و هتد هەبوون ،ئێستاش زۆر کەس شێعر دەهۆنێتەوە بەڵام زۆربەیان هێشتا هەر قوتابین. کاتێ دەچوویت بۆ بەشی مۆسیقای ڕادیۆ،کەسانی میناک "حوسێن تێهرانی"،"کۆلۆنێل وەزیری"، "مەحجووبی"، "خالیقی" و "عەلی ئەکبەرخانی شەهنازی "(ت) لەوێ بەرچاو دەکەوت. هەمووان لە دەوری یەک بوون کەچی ئێستا هەمووان  هەر لە قۆناخی دەسپێک و  سەرەتاییدا خوێندکار و قوتابین و کەست پێ شک نایە بگاتە ئاست و قۆناخێکی باڵا. ڕەنگە لەبەر ئەوەی بێت سەردەمی ڕچەشکاندن بەسەر چووە یان ئەو بزاوتە بە شێوەی شیاو پلانی بۆ نەکراوە.

شەرق : ئەتۆ لە بەشی گۆرانیبێژیدا زۆر قوتابیت بووە. پێت وایە بۆشایی و کەلێنی بەرەی ئەمڕۆ لە مۆسیقادا لە کوێدایە کە ناتوانێ شان بە شانی مۆسیقارەکانی ڕابردوو هەنگاو بنێ؟

نازری : سەرەتا هونەر دەبێ لە سرشت و ناخی مرۆدا بێت و پاشان دەرفەتی چالاکی لە ئاستێکی بەرفرەدا بخرێتە بەردەس. من بە لای زۆر مۆسیقار و ژەنیارەوە کارم کردووە و بە قوتابییانی خۆش(خۆشم) دەڵێم نابێ بە ڕێگەکەی مندا بچن و تەواو لاسایی کەرەوەی من بن. بەداخەوە لەبەر دۆخی ئێستا، مامۆستایانی مۆسیقا تەنیا سەرقاڵی خۆنواندنن و چالاکییان ئەچێتە خانەی مامۆستا سالارییەوە بەڵام  مامۆستایانی کۆن جۆرێک مۆسیقایان فێری هونەروەر دەکرد  دواتر ئەو ڕێچکەی هونەری خۆی دەبینییەوە.

شەرق : بەرێزت هونەروەرانت چلۆن فێر کردووە؟

نازری: من وەک مامۆستایانی ئێستا  نیم . سەردەمێک لەگەڵ برادەرێک لە نێو ماڵێکدا پێکەوە بووین کە دەیەویست ڕوو لە گۆرانی بکات و من داوام لێکرد جگە لە من بچێتە لای مامۆستایەکی دی کە هاوچاخی من بوو. ئەو نەدەچووە ژێربار و ئەیگوت حەزم لە دەنگی نییە. من پێم دەگوت دەبێ بچییە لای. گەر بتەوێ تەنیا من بکەیتە سەمبول بۆخۆ، تەواو خۆ بەرتەسک دەکەیتەوە و دەکەویتە نێو بازنەیەکی بەرتەسکەوە. بۆ دەبێت کەسێک ببێتە بت؛ بەڵام ئەمڕۆکە ئەوەمان بەرچاو دێ هەمووان تەنیا لاسایی کەرەوەن، بەتایبەت لە دونیای گۆرانی بێژیدا. ئەمانە هەموو دەرەنجامی ئەوەن قوتابی لە بازنەی مامۆستا سالاری لا نادات و هەر بە تەنیا یەک کەس بە مامۆستای خۆ دادەنێ.

شەرق : لەو نێوانەدا(لەو بەینەشدا) چەن دەنگی و گۆڕانی ئەوتۆشت بەرچاو نایە.

نازری: ڕەنگە بنەما و شێوازەکان یەک بن بەڵام هەر کەسە و شتێکی لەسەردایە.

شەرق:  ئەی چلۆنە دەرەنجامەکە یەکە و ئەو هونەروەرانەی بار دێن هەموو لێک دەچن و دەڵێی کۆپی یەکدین؟

نازری :  پێشتر بەو چەشنە نەبوو. ئێستاش وەک وتم هەر یەکەو شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە بەڵام  هەوڵەکە لە

چوارچێوەی ماموٚستا سالاریدا ئەنجام دەگرێ.

شەرق : ئەو هونەرمەندانەی بەلای ماموٚستایانی بالا دەستەوە فێرە موٚسیقا و ئاواز بوونە، بەرەوپێدەری ماموٚستا سالاری بوونە؟

نازری: ڕەنگە هەندێ لەوان تووشی وەهم ببوون.

شەرق : لە نێو قوتابییانتدا کەسی ئەوتوٚت پێ شک دێ بەهرەیەکی گەشی هەبێت و سترابێژی گەورەی لێ دەرچێ؟

نازری: چەن کەسێک بوون، لێ بە شێوەی هەرەقەتی دووی کارەکەیان نەکەوتوون.بەدوای کار و پیشەی دیکەوەن یانژی پەلەی وایان بوٚ دەرکەوتن لە دونیای موٚسیقادا نەبووە و نەهاتوونەتە مەیدانەوە. پێم وایە بیر لەوە دەکەنەوە بە کارێکی شاز و بەرهەمێکی باشەوە بێنە مەیدانەوە نەک بە بەرهەمێکی نەفرە شاز.

شەرق : بەرێزت لە زوٚر لێدوان و وتووێژت دا وتووتە گوٚرانی ئێرانی زێتر بەرەو چەشنە شین گێڕییەک بە ناوی نەوحە خوێنی دەچێتە پێش ، ڕوونکردنەوەت بوٚ ئەم پرسە چییە؟

نازری : گەر ئاوڕێک لە مێژینەی گوٚرانی لە یەک سەدە لەمەوبەرەوە بدەینەوە ، لامان دەردەکەوێ تا هاتووە فرە دەنگی(چەن دەنگی) لە موٚسیقادا کەمتر بوٚتەوە و ئەدای حەماسەت ئاسای تێدا لاوازتر بووە. ئەوانەی پێش ئێمە لە کاتی گوٚرانی چڕیندا بارێکی حەماسەت ئاسایان بە سترانی خوٚ دەدا بەلام گوٚرانی ئێستا ئەو شوٚق و ئەشقەی ڕابردووی تێدا نابینرێ، لە هەمبەردا بازاڕی تر و جەماوەر پەسەند تر خوٚی دەرخستووە. ئەم گوٚڕانە تەنانەت لە گوٚرانی ماموٚستایانی ئاواز و گوٚرانیشدا دەبینرێ. "عەبدوللا دەوامی" ماموٚستای ڕاستینەی ستران بوو کە قوتابییەکی بار هێنا بە ناوی "مەحموود کەریمی" . ئەوان لە دوو بەرەی جیاواز بوون . کەچی کەریمی بە هەمان شێعر و شوٚقی لای ماموٚستاکەی گوٚرانی دەچڕی لێ لەبەر ئەوەی دەوامی سەر بە بەرەی پێشوویە، باری حەماسەت ئاسای زێتر بەسەر گوٚرانییەکانییەوە دەبینرێ کەچی لەم لاوە ،لای مەحموود کەریمی زولالتر دەنوێنێ. نازانم ڕەنگە ئەمە تایبەتمەندی لای بەرەی کەریمی و بەرەی پاش ئەو بێت. یان دەتوانم ئیشارەتێ بە "عەلی ئەکبەری شەهنازی" بدەم. ئەو شوٚق و هەژانەی لە دەس و پەنجەی ئەودا لە کاتی ژەنیندا دەبینرێ لە بەرەکانی پاش ئەودا بەرچاو نایە.هەڵبەت لەبەر گەلێ هوٚ و هەگەری مێژوویی، موٚسیقا لە وێژەو ئەدەبی زیندووی فارسی وەپاش کەوتووە و نەیتوانیوە شانبەشانی ڕێ ببڕێ بوٚیە بەزمی حەماسی تا هاتووە زێتر لەبیر کراوە. لە حەقیقەتدا گوٚرانی ،ڕەهەند و فوٚرمی جوٚربەجوٚر و باری حەماسییەکەی جارانی تێدا نابینرێ و پتر لایەنی غەرامی و لیریکی بەخوٚوە گرتووە. ڕەنگبێ هوٚکەی بوٚ ئەو پرسانە بگەڕێتەوە کە لە سەردەمی سەفەوییە بەم لاوە ڕوویان داوە. وەک بلێی گوٚرانی تەنیا بوٚ غەزەل خوێندنەوەیە و بەس. بە تایبەت غەزەلی لای "سەعدی "کە پێم وایە بەشی زوٚری گوٚرانی بە غەزەلەکانی ئەوە، بەشێکی چکوٚلەش بوٚ "حافیز" و شاعیرانی ترە،" فیردەوسی "و "مەولەوی" لەو نێوانەدا چ دەورێ نابینن. ئەمەی لەبەر چی گوٚرانی تەواوی هەوڵی خوٚی لە غەزەلدا چڕ کردوٚتەوە و بوٚچی لە گوٚرانی ڕەسەن و کوٚندا شێعری فیردەوسی و مەولەوی وەپشت گوێ خراوە، بوٚ خوٚ جێی تێڕامان و وردبوونەوەیە.

شەرق : لە هونەرەکانی نیگارکێشی و وێنەکێشی دا پاش سەردەمی سەفەوییە و قەجەر، هاتنی وێنەکێشی کلاسیکی ڕوٚژاوایی، نیگارکێشیی ئێرانی کز دەکات یان تەنانەت دەیفەوتێنێ. نیگارکێشەکان ڕوو لە شێوازی ئەوتوٚ دەکەن ڕوٚژاواییەکان پاش گەلێ سەدان پێی گەیشتوون، پێت وا نییە ئەم گوٚڕانەی نێو دونیای موٚسیقای ئێرانی لەبەر هاتن و برەو

پەیاکردنی مۆسیقای پلان بۆکراوی ئەورووپی بێت کە ئەو شۆق و حەماسەتەی مۆسیقای ئێمەی لە نێو برد؟

نازری: نالێم شوێن دانەر نەبووە بەڵام خۆ ناتوانین بە گشتی نەمانی باری حەماسەت ئاسای نێو گۆرانی بخەینە ئەستۆی مۆسیقای کلاسیک. ئەی بۆچی ئەو ڕووداوە لە شێعردا نەقەوما؟ لەبەرچی ئەخەوان سالیس وەبەر کارتێکەری ئەدەب و شێعری ئەورووپی نەکەوت؟

شەرق : بەهەرحاڵ پاش ئەخەوان سالیس، شاعیرێکی بەتوانای ئەوتۆ دەرناکەوێ.

نازری: خەتاکە هەمووی ناتوانین بخەینە ئەستۆی کولتووری ئەورووپی. دەرباری شازادەکان کە هێشتا هونەر لە خزمەتیاندا بوو، حەزی لە شێعری ئاشقانە بوو ، بۆیە شێعری مەولەوی کە پڕیەتی لە وردەکاری، بەکەڵکی نەدەهات. هەندێ پرسی دیکە هەنە کە دەبێ وەبەر لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە بخرێن. لە ماوەی ئەم چارەکە سەدە دواییەدا کاتێ حەماسەتی نێو گۆرانی کەم بۆتەوە، گۆرانی پتر رووی لە بەزمی شین گێڕی و نەوحە خوێنی کردووە.



شەرق : ڕەنگبێ یەک لە هۆ سەرەکییەکانی، نەبوونی گۆرانکاری بەم چارەکە سەدە دواییە لە گۆرانی ئێرانیدا ئەوە بێت هونەرمەندان وایان لا چاک بووە کەمتر ڕوو لە ئەزموونی نوێ بکەن، خەتەر کەمتر بکەن هەتا ئەوەندە وەبەر ڕەخنە نەکەون؟

نازری : ڕاستە، ئەمەش دەوری خۆی بینیوە.

شەرق : بەڕێزت چەندە هەوڵت داوە خۆ لەو کەشە پەڕ بگری و لەسەر شێوازی بەرینان، ڕوو لە لایەنی حەماسی گۆرانی بکەی؟

نازری : من لەبەر ئەوەی کوردم و هەر لە منداڵییەوە بە شانامە گەورە بوومە، دەرحەق بە باری حەماسی نێو گۆرانی وەفادار ماومەتەوە. پەرۆشییەکی هزریی لای من ئەوە بوو لەبەرچی ئەو کەشەی بەدوایدا دەگەڕێم لە مۆسیقای ڕەسەن و کۆندا نابینمەوە. دواتر کە لەگەڵ "نوورعەلی بروومەند" و "داریۆش سەفوەت" ئاشنا بووم، تێگەیشتم ئەو کەشە لە ڕابردووشدا بووە کەچی تا هاتووە زێتر لەنێو چووە. بۆیە ڕووم لە گۆرانی حەماسی کرد و خۆم لەسەر ماندوو کرد.

شەرق : ئایا ئەمەشت بۆ قوتابییانت گوێزتۆتەوە؟

نازری : هەتا ڕادەیەک، بەڵام نەمویستووە ئەوان وەک من بن . من بە شێوەیەکی جیاواز بیرم لێ کردۆتەوە و خۆم لەسەری ماندوو کردووە. ئەوە زۆر گرینگە بیر لە شتێک بکەیتەوە تەنانەت گەر ڕوویشی لێ نەکەی. تاقمێ هەن و لە دەرێی ئێرانیان خوێندووە و پێیان وایە مۆسیقای کۆنی ئێران، تاک دەنگی و هی سەدەکانی نێوەڕاستە. یان کەسانێکی دی هەنە تاک ڕەهەندی بیر دەکەنەوە و مۆسیقای کۆن تەنیا ئەبەنەوە سەر ڕەدیف و دەزگاکانی مۆسیقا. ناسیاری و شارەزایی زۆر گرینگە. تۆ وەرە و فێرە دەزگاکانی مۆسیقا بە و ئیدی ڕوویان تێ مەکە. بەڵام دیارە ڕەدیف و دەزگاکانی مۆسیقا لە

**ناختدان. ئەوانەی بەلای منەوە بوونە لەسەر ئەو پرسە زۆرم بۆ باس کردوون.**

**شەرق : جاران هونەر و ئابووری وەک ئەمڕۆ لێک نێزیک نەبوون بەڵام ئێستا هونەر زێتر لە باری ئابوورییەوە وەبەر سەرنج دەکەوێ . هونەرمەندان پێیان وایە گەر بچنە سەر ڕیتمی لای فلانە سترانبێژی ناسراو و خۆشەویستی جەماوەر لە بازاڕدا سەرکەوتووترن و داژداری فرەتریان دەبێت.**

**نازری : ئەمە لەبەر ئاستی کز و لاوازی چالاکی هونەری لای هونەرمەندانە کە خۆی لە چەند خاڵان دا دەبینێتەوە. یەکەم: تەواوی مامۆستایانی چاکی ستران و ئەوانەی بۆ مە(ئێمە)سەمبول بوونە، سەرەتای شۆڕش کۆچی دواییان کرد و ئەمە زۆر سەیر بوو.دەرەنجامەکەی ئەوە بوو کاتێ مۆسیقای ئێران کەوتە دەس بەرەی دواتر، هەموو شتێ گۆڕانی تێدا کرا. مامۆستایانی فێرکار وەک مامۆستایانی کۆن نەبوون و هەر یەکە و لە چوارچێوەی خۆدا مایەوە.**
**دووەم خاڵ ،نەمانی سەنتەر و پەیمانگەکانی گرینگی هونەرییە. سەنتەری پاراستن و برەوپێدان و بەرهەم تۆمارکردنی ڕادیۆ ئێران کە سەرپەرشتی وەئەستۆی کەسێکی لێهاتووی وەک "سایە" بوو، هەڵوەشایەوە. کاتێ ڕێت دەکەوتە ئەو شوێنانە زۆربەی مامۆستایانی گەورەت بەرچاو دەهات و هەموو شتێ لە ئاستێکی بان دا بوو. بە پێچەوانەوە ئەمڕۆکە زۆر دەزگە و پەیمانگەی هونەری دانراون کە بۆچوونێکی نزمیان بۆ هونەر و مۆسیقا هەیە هەر ئەمەش لەسەر ڕۆحی هونەرمەند شوێندانەر و کاریگەرە. کاتێ لە کۆمەڵگەیەکدا دەژی ئاستی وشیاری لەباری هونەرییەوە نزمە بۆخۆ دادەتەپی. بەو ساڵانە هەموو پەیمانگە هونەرییەکان داخراون. پاش خۆ لەکار کشانەوەی بەکۆی ئێمە لە ڕادیۆ تەلەڤزیۆن، دەزگەی هونەری "چاووش" دانرا کە من ئەندامێکی ئەو سەنتەرە بووم و مژولی وانە وتنەوەی گۆرانی بووم کە بە داخەوە پاش بەینێ ئەویش نەما. لەو دەمەوە تا بەمڕۆ بنکەیەکی ئەوتۆی هونەری بۆ مۆسیقا دانەمەزراوە هەتا شارەزایانی خودان ئەزموون لە خۆدا خڕ بکاتەوە . ئێستا هەموو شتێ ڕووی لە باری تاکی ناوە و هونەروەرانیش یان ئەشقەکەی بەرەی پێش خۆیان لە دڵا نییە یانژی ناتوانن لا لە پرسەکانی ئابووری نەکەنەوە. کەچی ئێمە ساڵەهای ساڵ خۆمان ماندوو دەکرد تا دەبووینە هونەرمەند. ئەو سەردەمانە جاری وابوو کە بۆ کۆنسێرت کردن دەچووین بۆ شارێکی دی و پارەی بلیتی شەمەندەفەرەکەش لەسەر خۆمان بوو. زۆر جاران بەڕاستی لە گیرفانی خۆمان خەرج دەکرد و تەنانەت پارەی دەزگە و ئامێرەکانیش لەسەر ئێمە بوو. ئەوەندە ئەشقی هونەر و مۆسیقامان لە دڵا بوو، بیرمان لە لایەنەکانی ئابووری نەدەکردەوە.**

**شەرق : زۆرن ئەو هونەروەرانەی لە دەس شێوەی وانە وتنەوەی مامۆستایانیان گلەمەندن. ئەڵێن مامۆستاکانمان ئەوەی فێر بوونە به ئێمەی ناڵێن و بۆ ئێمەی ناگوێزنەوە و لە فێرکردندا بەرچاو تەنگن یان نایانەوێ قوتابییەکەیان باشتر لە خۆ بێت.**

**نازری: ناکرێ بڵێن ڕژد و بەرچاو تەنگ. مامۆستا حەز دەکات قوتابی لەو باشتر بێت و ئەو چاوی لە دەس و پەنجە و دەنگ و بەهرەی هونەرمەندانەی ئەو بێت. هەڵبەت پێویست ناکات مامۆستا هەموو شتێ فێری قوتابییەکەی بکات یان هەموو گۆشەیەکی مۆسیقای فێر بکات. گرینگ ئەو هەستەیە دەیگوێزێتەوە. گرینگ چۆنیەتی گوێزتنەوەی ئەو زانستەیە. پێنج کۆڕی لای نوورعەلی بروومەند بۆ من وەک زانستگەیەک بوو. ڕەنگبێ من 10 جارێ چووبمە لای داریۆش سەفوەت بەڵام زۆر شتی بەلاوە فێر بووم ، لە هەمان حاڵدا چوومە لای زۆر مامۆستا کەچی هیچیان لێوە فێر نەبووم.**

**شەرق : دیارە لای تۆ زێتر ئەو هەستە هونەرییە گرینگە؟**

**نازری: بێگومان**

شەرق : پێت وا نییە یەک لە هۆ سەرەکییەکانی دابەزینی ئاستی  بانی بەرهەمی هونەری و مۆسیقایی و بەرهەمی نوێی لای سترانبێژان ئەوە بێت کە ژەنیاری بەتوانمان وەک جاران نەماوە؟

نازری : لە دونیای مۆسیقادا هەموو شتێ خۆی لە نێو کۆڕدا دەبینێتەوە. گەر گۆرانیبێژ و ژەنیار پێیان وا بێت لە مابەقی جیاوازن ، زیان دەبینن. مۆسیقا لەو گەشت و سەفەرە دەچێ هەمووان ڕوویان لە یەک شوێنە. بەرزترین تیپی مۆسیقا بە سترانبێژی لاواز بە هیچ کوێ ناگات، بە پێچەوانەشەوە. هەر کامە تەواوکەری یەکترن. بەبینێکیش باسی سترانبێژ سالاری هاتە گۆڕێ کە باسێکی مناڵانەیە. گرینگ ئەوە نییە کێنە پێکەوە هاریکاری دەکەن. دیارە  ئاست و توانای ژەنیارانیش وەک سترانبێژان دابەزیوە. ژمارەیەک ژەنیارمان هەیە کە بەلای زۆربەی مامۆستایانی گۆرانییەوە کاری هونەرییان کردووە بەڵام چالاکییان تاکییە و بەجیا لە یەکتر کار دەکەن. پێش تر یەکدەنگی و تەبایی و هاودڵی هەبوو و ئەو بەزمەی بە ئامێری تاری "میزا حوسێن قولی" یان "عەلی ئەکبەری شەهنازی" پێشکەش دەکرا، گۆرانییەکی شاز بوو.

شەرق : ئێستا هەموو خۆ لە یەک دەشارنەوە.




نازری : ڕاستە، هونەرمەندان لەدەس یەک هەڵدێن. کەشێک سازبووە هونەرمەندان حەز لە چالاکی گرووپ و تیپ ناکەن. چالاکی تاکە کەسی لە برەودایە. کەچی جاران ڕاس بە پێچەوانەوە بوو. دوا ئەزموون ئەگەڕێتەوە بۆ دەورەی "چاووش". من کورد بووم و پەروەردەی داوێنی سرووشت. گەلێ هۆگری شوێنەواری کۆن و دیرۆکی و پرسیارێکم  هەمیشە ئەوە بوو لەبەرچی باری حەماسی لە گۆرانیدا کاڵ بۆتەوە. هەر بۆیە تاک مامەوە و تاقە کەس لە گۆرانیدام لاسایی کەسم نەکردۆتەوە و هەمیشەش لێی ترساوم. مامۆستایانیش زۆریان ڕاسپێری دەکرد. بەڕێز سەفوەت یەک لەوانەی بوو پتر لە 30 ساڵ لەمەوبەر پێمی گوت دەنگت هەستێکی تیایە دەبێ ئاگات لێی بێت. شەپۆلی  ڕا و ساف لە دەنگتدا بەدی ناکرێ، دەبێ لێیگەڕێی هەروا بمێنێتەوە. چونکە ئەمە تایبەتمەندییەکی نێو گۆرانی ئێمە بووە کە دواتر تیا چووە.

شەرق : ئەتۆش لەو دەمە بەدواوە بەردەوام ئاگات لەو تایبەتمەندییە بووە؟

نازری: چووم بەدوای مێلۆدی و هەوا و فۆرمی بزربووی نێو گۆرانیدا. بەدوای مەولەویدا چووم کە شێعرەکانی دەیتوانی لەگەڵ گۆرانی مندا بێتەوە.30 ساڵ لەمەوبەر کە شێعری مەولەویم دەخوێندەوە زۆر حەزم لێیان نەبوو.چونکە هەمووان ئاشقی شێعری سەعدی بوون. یەکەم جارێ کە مامۆستا "بەنان "م بینی قەت لەبیر ناکەم.لە ماڵی یەک لە ئاشنایان بە ناوی دوکتۆر "نیزام زادە نایینی" بووین.بەڕێز نایینی ئەو دەم کە زۆر کەم تەمەن بووم دەستی کرد بە تاریف دان و پیاهەڵگوتنم.وتی مامۆستا ئەم مێرمناڵە ئەبینی؟ بەهرەی زۆر باشە.  شارەزای ڕەدیف و دەزگاکانی مۆسیقایە. گۆرانی دەچڕێ و ئامێریش دەژەنێ. ئەوەندەی بە منی دا هەڵگوت کە مامۆستا بەنان وتی: دە گۆرانییەک بچڕە بزانم چلۆن دەخوێنی. من بۆ یەکەمجار شێعرێکی مەولەویم کە ساڵەهای ساڵ دواتر بە دەنگ چڕیم، بۆ خوێندەوە؛

من چه دانستم که این سودا ، مرا زین سان کند مجنون

کوا دەمزانی ئا ئەم عەشقە بەم چەشنە من ئەکا مەجنوون

دلم را دوزخی سازد دو چشمم کند پر خون

دڵم لێ ئەکاتە دۆزەخ،دوو چاویشم ئەکا پڕ خوێن

زند موجی بر ان  کشتی که تخته تخته بشکافد

کەشتییەکەم  بە شەپۆلێ بە جارێ هەمووی تێک دەشکێ

که هر تخته فرو ریزد ز گردش های گوناگون

هەر جارە  و بە شەپۆلانێ ، تەختە بە تەختەی کەشتییەکەم تا بنی زەریا نوقم ئەبێ

نهنگی هم برارد سر خورد کان اب دریا را ....

نەهەنگێکیش لێم دیار دەبێ و ئەخواتەوە لە ئاوەکەی هەمان زەریا   ....

وتی؛ " ئەم شتانەی ناویان دێنی چین؟ نەهەنگ، تەختە پارە، کەشتی. ئەم ووشە زبرانە دەنگت دەرووشێنن. تۆ دەبێ دووی ووشەی ناسک و شێعری تەڕ و پاراو کەوی."
ئەو دەم زەوقەکە ئەوەی دەویست و مامۆستا "بەنان" وتی واز لە جادەی قیرتاو بێنە و بە جادەی شۆشتەدا لێخوڕە. منیش وتم ڕاستە ووشەی ناسک گەلێکن بەلام من حەزم لەم شێعرانەیە.. من نامەوێ لە نێو گۆمێکدا مەلە بکەم. پێم خۆشە لە نێو زەریایەکی  تووش و شەپۆلاندا مەلە بکەم. دەبێ ڕەخنەشم لێبگرن؟ هەر لەبەر ئەوە بوو چووم بە دوای کەشی سوور ڕئاڵدا  لە نێو شێعری مەولەوی دا و هۆگریم بە قارەمانی کۆن و دێرین پەیا کرد.

شەرق : لە کامە بەرهەمی بەرێزتدا ئەم لایەنە دەبینرێ؟

نازری : لە بەرهەمی" گەشتێ بۆ ئەو لا" یان " بەزمی لای قارەمانان" ئەم ڕەهەندە پتر خۆ دەنوێنێ و تۆ نیشانەی نەوحە خوێنی و شین و شەپۆڕی تێدا نابینی. دایمە بیر لەوە دەکەمەوە گەر "بووعەلی سینا "گۆرانی چریبایە لە هەمان هەوایدا دەچڕی کە من لە بەرهەمی "گەشتێ بۆ ئەو لا" دا  تاقیم کردۆتەوە. پێت وایە لە بەرهەمی گوڵی سەت چڵ دا من چەن ساڵان بووم؟ بەلام هەست و نەستەکەی لای مەولەویم گوێزتۆتەوە.

شەرق : باشە مامۆستایان لە دەستت ڕەزا بوون ؟ وەبەر لۆمەیان نەدەخستی ؟

نازری : بیر و زەینیان ئەوەندە بڕی نەدەکرد و تەنیا خۆیان دەبینی و بەس. بەلام داریۆش سەفوەت، نوور عەلی بروومەند

و مامۆستایانی پایە بەرز هەمووان دنەیان دەدام کەچی مامۆستایانی پلە ناوەندی ئەوەندە حەزیان لێم نەبوو.

شەرق : هاو سێرەکانی(هاوتەمەنەکان) خۆت چی؟

نازری : ئەوانیش حەزیان لێم نەبوو. هەندێ لە دۆستانی ئەو دەورەم کاتێ من دەستم دەکرد بە چرین بە نیشانەی نارەزایێتی کۆرەکەیان بە جێ دەهێشت . نزیکەی 33 ساڵ لەمەوبەر شێعری نیما(م) بە ئامێری سێتار چری و یەک دوو لەو دۆستانەی ئێستا گۆرانی دەخوێنن تۆران و قینیان کرد. بەڵام من زۆر شادم بەوەی ئەوانەی بۆ خۆ نارەزا بوون دواتر هەم روویان لە شێعری مەولەوی کرد و هەمیش شێعری نوێیان بە ئاواز چری.

شەرق : پێت وایە بۆ لە دونیای گۆرانیدا کەس لاساییت ناکاتەوە؟

نازری : لەبەر ئەوەی من لەسەر ئەداکان خەبەتنم بووە کە لاسایی کردنەوەی زۆر زەحمەت و چەتوونە.

شەرق : بەرێز نازری ، کورەکەشتان گۆرانی دەچرێ، وا نییە ؟

نازری : راستە. بەڵام وەک من ناچرێ. پێم وتووە نابێ وەک من بچرێ. ئەو لە تەمەنی سێ ساڵانەوە دەستی کرد بە گۆرانی چرین و بەلای زۆر مامۆستاوە خوێندوویە. بۆ خۆیشی دەزانێ گەر وەک من بچرێ کۆپی منی لێ دەردەچێ و ئەمە زوڵمێکە دەرحەق بە خۆی . هەڵبەت رێگەیەکی دوور و درێژی لە پێشە تا رێچکە و شێوازی هونەری خۆی ببینێتەوە.

ژێدەر و سەرچاوە:1 - رۆژنامەی "شەرق" شەممە و یەک شەممە، 5 و 6 ی جۆزەردانی 1386 ی هەتاوی، 26 و 27 ی مانگی مای 2007 زایینی

2 - ماڵپەری شارام نازری

3 - بلاگی کورد و کوردستان

تاران

29 ی جۆزەردانی 2707 ی کوردی